## دادەی کۆمەک، کۆچەکەت زۆر ناوەخت بوو ... هۆمەر قەرەداغی

هەر لە سەرەتای ساڵی 1997، کاتێک کۆمەڵەی کۆمەک (کۆمەڵەی منداڵدۆستانی کوردستان) مان دروستکرد، خاتوو مەرزیە قۆڵی دڵسۆزی و ئازایەتی لێهەڵکرد و بێوچان وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەک، بۆ خزمەتکردنی منداڵانی کوردستان تێدەکۆشا. هەموو ساڵێک لە شەوەئاهەنگەکانی کۆمەکدا، بە دەنگە بەسۆزەکەی بەشداری دەکرد. بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم خانمەنازدارەش، لە ناو کۆمەکدا، هەزاران منداڵی هەژاری کوردستان مانگانەیان وەردەگرت.

دادە مەرزیە

بە ناوی کۆمەڵەکەمان و هەموو ئەو منداڵانەی کە تۆ بۆ باشتر کردنی ژیانیان تێدەکۆشایت، سەرخۆشی کۆچی ناوەختت لە هاوسەری نیشتمانپەروەرت کاکە ناسر و منداڵە ئازیزەکانت و خۆمان لە کۆمەکدا، دەکەین.

دادە گیان

ئاواتت بوو کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەرکەش و کورد ببێتە نەتەوەیەکی سەربەخۆ. زۆر لە ئاواتەکانت هێشتا نە هاتۆتە دی و ڕێگامان هێشتا سەخت و دژوارە. ئەم کۆچە ناوەختەت زۆر ئازاری داین. ئێمە لە کۆمەکی سوید و نەرویجەوە پەیمانت دەدەینێ کە بە بەردەوامی لە کۆمەڵەکەتدا، بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵانی کوردستان، کاربکەین.

کۆمەک
هۆمەر قەرەداغی
2005/9/19